# تاک بازنی گەورە مۆدی زستانەیە

لە وەرزی سەرمادا، باو باوی بازن و ملوانکەیە، بەهۆی سەرما و سۆڵەوە خانمان جلی زۆر پۆشتە دەکەن و بەم چەشنە زۆربەی ئێکسسوارەکان ئەگەر بە دەرەوەش نەبن، دەکەونە ژێر جلەکان و دیار نابن، لەبەر ئەو هۆکارە، خانمان تەنیا دەتوانن بازن و ملوانکەکانیان لەم ماوەیەدا دەربخەن تا لەگەڵ جل و ماکیاژ و ستایلی خۆیان بیگونجێنن. بازن چەشنێکی جوانی خشل و ئێکسسوارە، جگە لە جوانییەکەی، هەروەها زرینگە خۆشەکانیشی سەرنجی هەموان ڕادەکێشێ. کاتێک خانمێک دەستە بازنێکی جوانی لە دەست دەبێ، بریقە و زرینگەکانی دەستەکانی جوانتر دەردەخەن، بەڵام لە مۆدی زستانەدا، باوی تاك بازنێکە، هەروەها لەلایەن تۆڕیی جوانکاری (ئیمپرێس- Impress) ئا ما ژ ە یا ن پێکردووە، کە جوانترین مۆدی بازن لەو وەرزەدا، بە ناوی (خۆشی و خۆشەویستی سیلڤیستە ر -



## جلێکی پۆشتە لەبەر منداڵەکەت بکە



خانمان وەك چۆن گرنگی بە خۆیان دەدەن، لە هەڵبژاردنی جل و ماکیاژ و خۆپاراستنیان لە سەرما، بە هەمان شێوە دەبێ منداڵەکانیان بپارێزن و جوانیشیان بکەن، چونکە جوانی منداڵ دەستڕەنگینی و کارامەیی دایکی دەردەخات. کاتێك منداڵەکەت جلێکی ناشایستە و ناشیرینی لەبەر دەبێ، یان نەخۆش دەبێ، مانای ئەوەیە کە تۆی دایك یان لێپرسراوی ئەو منداڵە، خانمێکی فەرامۆشکارە، چونکە جوانی و پاراستنی منداڵەکەت ئەرکی تۆیە و لە هەموو وەرزەکان و بەتایبەت لە وەرزی زستاندا پێویستە جلێکی پۆشتە و باش لەبەر منداڵت بکەیت. هەندێ لە پسپۆڕان پێیانوایە شێوازی جلی گەوران بۆ منداڵ باشە، هەندێکی دیکەش دەڵێن: واچاکە جلی منداڵان گوزارشت لە منداڵبوونیان بکات، چونکە منداڵ دەچێتە دەرەوە و لای هاوڕێکانی، با هەمان شێوەی منداڵی دیکەی هەبێ و جیاواز نەبێ لە ئەوانی دیکە، هەروەها گرنگە ئەوە بزانیت کە مرۆڤ دەبێ تەمەنی منداڵی خۆی ببینێت، لێرەدا چەندین مۆدی جلی منداڵی کچ و کوڕ هەن، ئاشنایان ببە:

- جلی کچان

دەتوانی جلی کچەکەت، لە تەنوورە و سترێچ لەگەڵ بلووزێکی تەسك بێت، تا شێوەی خنجیلانە و ناسك دەربکەوێ، جوانتر دەبێ ئەگەر تەنوورەکە لە ڕەنگی تۆخ و زەق بێت، هەروەها بلووزەکەش بە وێنەیەکی گەورە لە پێشەوە نەخشێندرابێت، مۆدی دیکەی وەك پانتۆڵی جینز و بلووزیش شێوازێکی نایابە بۆ کچانی منداڵ، بەڵام لە زستاندا جینز زوو پیس دەبێ و دەکەوێتە بەر پرووشکی پێیەکانی جووڵەی منداڵان، بۆ پاراستنی منداڵەکەت لە سەرماشدا، واباشە چاکێتێکی مامناوەند لە درێژیدا بۆ هەڵبژێریت تا لە سەرما و سۆڵە بە دوور بێت و جلەکەشی شیك و ڕازاوە بێ.

- جلی کوڕان

بەهۆی ئەوەی کوڕان دەچنە دەرەوە و زیاتر سەردانی هاوڕێیان دەکەن، دەبێ جلەکانیان تۆکمە و پۆشتە بێ، بۆیە بلووزی گەرمی لە سووف و پەموو، جلێکی گونجاوە، هەروەها پانتۆڵی جینز مۆدێکی جوانە لەبەر منداڵانی کوڕدا، چاکێتیش لە بیر مەکە تا کوڕەکەت لە سەرما بپارێزێت، شاڵیش لە ملیان بکە تا سەرمایان نەبێت و ستایلێکی جوانیش بن لەبەریان.



(Silvester happy &love ناسراوە، ئەم مۆدە بریتییە لە تاکە بازنێکی گەورە و ئەستوور، ژێرەوەی لە ڕەنگی زەردە و لە سەرەوەش بە نەخشی کریستاڵ و وردە زیوی بچووکی ڕەساسی و ڕەنگی ئەڵماس ڕازاوەتەوە.

# جلی شیک بۆ دەرچوون هەڵبژێرە



زۆربەی ئافرەتان کاتێك دەڕۆنە دەرەوە و لەماڵ دەردەچن، دووچاری ڕەخنەی دەستەخوشك و هاوڕێیانیان دەبنەوە لەوەی کە جلەکەی بە جوانی هەڵنەبژاردووە، کە لەگەڵ شێوەی جەستە و ڕووخساریان بگونجێ، ئەوانیش دڵگران دەبن و زیاتر نیگەرانی ئەوەن ئاخۆ چۆن بتوانن جلێکی شیك بۆ دەرەوە هەڵبژێرن و لەبەری بکەن. بە هاتنی وەرزی زستانیش گۆڕانکاری لە کەش و هەوا ڕوودەدات و سارد دەبێ، مۆد و شێوازی جلەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا دێ، ئەمە جگە لەوەی کە خانمان هەمیشە ئاواتیانە جلەکانیان بەپێی وەرز و کاتەکان بێ و لەگەڵ مۆدی تازە بڕۆن، (ماریان بیگل) لە گۆڤاری ئیلی ئەڵمانی لەسەر مۆدی جلی دەرەوە و دەرچوون نووسیویەتی: خانمان لە زستاندا جلی زۆر لەبەر دەکەن و ئەوەش کاریگەری دەکاتە سەر شێوازی ڕۆیشتن و جوانیی لەش و لاریان دەشارێتەوە، بۆیە جوانترین جل بۆ ئەو وەرزە بلووزێکی گەورە و پانتۆڵە، کە پانتۆڵەکە دەکرێ لە جینز، یان قوماش بێت، هەروەها لەبەرکردنی قاتە جاکێتێکی درێژیش بە مەرجێك لەسەر چۆك درێژتر نەبێ، مۆدێکی نایابی لێی دەردەچێ، جوانتریش دەبێ ئەگەر چاکێتەکە بە دووگمەی گەورە و نەخشێکی بچووك ڕازاوە بێت، هەروەها ئەگەر پانتۆڵێکی قوماشتان هەڵبژارد، با پانتۆڵەکە سادە و لە ڕەنگی تۆخ بێت وەك: قاوەیی، ڕەساسی، ئەگەر جینزیش بوو، دەکرێ مۆدی جۆراوجۆر بێت، کە لە لیزەر و نەخشی سەر ڕانەکانی ڕازاوە بێت، بەم چەشنە مۆدێکی شیکت بۆ دەردەچێت.






# شاجوانی گەردوون

لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتیدا و دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، پێشبڕکێی شاجوانی گەردوون لە شاری لاس ڤیگاسی شاری ڕووناکی ئەمریکا ئەنجام درا. پێشبڕکێی ئەمساڵ بە بەشداری شاجوانانی (٨٠) وڵات بەڕێوەچوو. سەرەتا وەکو پێشبینی دەکرا شاجوانی ئەمریکا و فەنزویلا و کۆلۆمبیا نازناوەکە بەدەست بهێنن، دوای بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پێشبڕکێیەکە، لە کاتی ئاشکراکردنی ناوی شاجوانی گەردوون، ئەکتەری ئەمریکی (ستیڤ هێرڤی) ناوی یەکێك لە هاوەڵانی شاجوانی بە هەڵە هێنا و شاجوانی وڵاتی کۆلۆمبیای کردە شاجوانی گەردوون، هەڵەکەش بەهۆی ئەوەی لە نێو کارتی ئاشکراکردنی ناوەکان، ناوی شاجوان و هەردوو هاوەڵەکەی دەنووسرێت، بە داوای لێبوردنەوە و دواجار (پیا ئەلۆنزۆ وۆرتزباخ)ی شاجوانی فیلیپین نازناوی شاجوانی گەردوونی پێبەخشرا، تاجەکەش لە سەری شاجوانی کۆلۆمبیا هێنرایە خوارەوە لە سەری شاجوانی فلیپین دانرا. (پیا) کچێکی ئەسمەر و باڵابەرزە، درێژی باڵای (١٨٠) سەنتیمەترە و تەمەنی (٢٦) ساڵە، لە دایکێکی فلیپینی و باوکێکی ئەڵمانی لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیا لە دایك بووە، ئێستا دانیشتووی شاری (کاگایان دیۆرۆ)ی فلیپینە، هاوەڵی یەکەمی شاجوانی گەردوون (ئەریادنا گواتیرریز)ی شاجوانی کۆلۆمبیا بوو، هاوەڵی سێیەمیشی (ئۆلیڤیا جۆردان)ی شاجوانی ئەمریکا بوو، ئەو تاجەی شاجوانی گەردوون بایی (٣٠) هەزار دۆلارە کە لە ئەڵماس دروست کراوە.



# ساردترین شاری جیهان

سەرما و سۆڵەی زستانی ئەمساڵی کوردستان بەهێزە و تەنانەت وایکردووە کە خەڵکی کوردستان زیاتر لە وەرزەکانی پێشوو خۆیان بپارێزن و ڕووبەڕووی سەرما ببنەوە. نزمترین پلەی گەرمی لە کوردستان تا ئێستا گەیشتۆتە کەمتر لە (٥) پلەی گەرمی، ئەی چی بە دانیشتووانی خەڵکی شاری (ئۆیمیاکۆن) بڵێین ئاخۆ چۆن دەتوانن لە سەرما و سۆڵەی ئەو شوێنەیان بژین، کە تەنانەت ناتوانی پەرداخێك ئاو ببەیتە دەرەوە، چونکە یەکسەر ئاوەکە دەبەستێت، ئەو شارە دەکەوێتە کۆماری (ساخا)ی لە وڵاتی ڕووسیای فیدراڵ، ئەو وڵاتە لە (٨٣) کیانی فیدراڵی پێکدێت و (٢١) کۆماریش لە خۆ دەگرێت، شاری ئۆیمیاکۆن دەکەوێتە ناو دڵی دۆڵێك کە (٧٥٠) مەتر لەسەر ئاستی دەریاوە بەرزە، جگە لەوەش بەرزی چیاکانی دەوروبەری ئەو شارە دەگاتە (١١٠٠) مەتر، بەمەش هەوای سارد لەم شوێنە گیر دەبێت و دەرناچی، بەم چەشنە پلەکانی گەرمی لەم شارە دەگاتە (-٣٨) پلەی ژێر سفری فەهرەنهایەت، ژمارەی دانیشتووانی ئەم شارە لە (٥٠٠) کەس تێناپەڕێت و زۆربەشیان کاری بازرگانی دەکەن، دەگوترێ کە لە ساڵی (١٩٣٣) پلەکانی گەرما بۆ (-٩٠) فەهرەنهایەت واتە (-٣٢) هاتە خوارەوە، تەنانەت لەم پلەی سەرمادا، ناتوانیت هەناسەش بدەیت، چونکە سییەکانت دەیبەستن.




## فڕۆکە تازە و سەیرەکە !


گەشتکردن بە فڕۆکە ئەگەرچی ڕێگەیەکی خێرایە، بەڵام لە هەمان کاتدا بێزارکەر و ترسناکیشە، چونکە زۆربەی یاساکانی نێو فڕۆکە دەبێ ڕەچاو بکەیت. بۆ نموونە لە شوێنی خۆت نەجووڵێت، بەتایبەت لەو کاتانەی کە هەڵدەستێت، یان دەنیشێتەوە. پەنجەرەکانی فڕۆکە بچووکن و بە ئەستەم دەتوانی دەرەوە ببینیت، هەموو ئەوانەی بە فڕۆکە گەشت دەکەن، حەز دەکەن لە ئاسمانەوە سەیری زەوی، یان سەرەوەی خۆیان بکەن. بۆ ئەم مەبەستە لە تازەترین بیرۆکەی کۆمپانیای (ویندسپید)ی ئەمریکییە، کە لە ناوەڕاستی فڕۆکەکەدا شوێنێکیان دروست کردووە، جێگەی دوو کەس دەبێتەوە، لەوێوە دەتوانن سەرەوە و ئاسمانی سەر فڕۆکەکە ببینین، کە ئەو شوێنە بە (٣٦٠) پلە لە شوێنی خۆی دەخولێتەوە، ئەو پەنجەرەی سەرەوە لە ماددەی سوپەرسۆنێك دروست کراوە و بەرگەی بەهێزیی هەوا و پاڵپەستۆی و پێکدادانی کەرەستە و باڵندە دەگرێت و ناشکێت، تەنانەت دەتوانی بەرگەی گەرمی تیشکی خۆریش بگرێت و بە کەرەستەی تایبەتەوە خۆی پاك دەکاتەوە لە کاتی پیس بوون و هەڵم و باران، نرخی ئەو جۆرە فڕۆکەیە دەگاتە نێوان (٨ تا ٢٥) ملیۆن دۆلار، بیرۆکەیەکیش هەیە کە لە داهاتوودا فڕۆکەکان روون بن و تا گەشتیاران بتوانن دەوروبەری خۆیان لە کاتی فڕیندا ببینن، تا ئێستا لێکۆڵینەوە لەو بوارە دەکرێت، ئاخۆ ئەو بیرۆکەیە سەرکەوتوو دەبێت؟



## نمایشکارە ناوازەکە!

شێوەی لەش و لاری نمایشکارانی جل و بەرگ بەپێی چەند مەرج و بنامەیەك پۆلێن دەکرێ، زۆرەیان جەستەیان لاواز و باریکن، تەنانەت هەندێکیان ئەگەر بڕێکی دیکە لاوازتر بن، ڕەنگە لە ناوقەدەوە بشکێن، بۆ ئەوانەی لەو بوارە بەشدار دەبن، سەرەتا دەبێ بە پێی چەند مەرجێك بێت، کە درێژی باڵای لە ١٧٥ سەنتیمەتر کەمتر نەبێ، هەروەها کێشی لە ٦٠ کیلۆگرام زیاتر نەبێ، پشکی شێریش بۆ ئەوانەیە کە جەستەیان ڕێك و شیکە، کەچی لەلای ئەو کچە سەرنجڕاکێش و قەشەنگە بەریتانییە، هەموو ئەو یاسایانەی شکاندووە، بە جوانی و جەستە پڕەکەی یەکێکە لە بەناوبانگترین نمایشکارەکانی کیشوەری ئەوروپا، (ئیسکارا لۆرانس)، ئەو کچە ئەکتەر و نمایشکارەی کە ساڵانێکە ڕووبەڕووی چەندین ڕەخنە بوویەوە، کە کێشی زۆرە و جەستەی پڕە بۆ نمایشکاری ناشێت، بەڵام ئیسکارا ئەو پروپاگەندانە ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە جەستەی جوانە بۆ نمایشکاری جل و بەرگ، ئیسکارا تەمەنی (٢٤) ساڵە و درێژی باڵای (١٧٣) سەنتیمەتر و کێشی (٦٩) کیلۆگرامە.





## یاری پیت

هەوڵبدە لە ریزکردنی ئەم کۆمەڵە پیتە، ناوێك دروست بکەی:

ێ ا م م ل

ئاسانکاری: گۆرانیبێژێکی ڕەسەنە!

# گەورەترین تۆڕی جاڵجاڵۆکە



بێگومـان تۆڕەکانـی جاڵجاڵۆکەمـان بینیـوە، زۆربەیـان لە روکنی دیـوار و شـوێنی نـزم لەلایـەن جاڵجاڵۆکەکانەوە دروسـت دەکرێن، کە تۆڕێکـی ئاڵـۆزە و بـە شـێوەی بازنەیی و ئەندازەیـی جوان تۆڕێکی بچـووك دروسـت دەکـەن، زانانیـان دەڵێن: ئەو تۆڕە هـەم ماڵێکە بۆ پشوودان و حەوانەوەی جاڵجاڵۆکە، هەروەها بۆسەیەکە بۆ گرتنی گیاندارانی دیکە تا ببێتە خواردنی جاڵجاڵۆکەکە، بەڵام ئەی ئەگەر تورێکمان بینی ئەوەندەی خانوویەك بەرز بێت، ئەوکاتە تەنیا سەرمەست دەبین و سەیری دەکەین، ئەوەی ئەو چەشنە تۆڕە دروست دەکات، بە (جاڵجاڵۆکەی ریشی داروین) ناسراوە، کە لە توانایاندایە تۆڕێك بە پانی (٢٥) مەتر دروست بکات، ئەوەی دەیبینن یەکێکە لـە نموونـەی گەورەتریـن تۆڕی جاڵجاڵۆکە کە لە وڵاتی ئوسـترالْیا بینراوە و تا ئێستا بە گەورەترین تۆڕی جاڵجاڵۆکە دادەنرێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

زیاتر لە خۆت هەست بە کەسانی دیکە دەکەی، ئەگەر ئەوەندە گرنگی بە خۆت بدەیت، هەموو کێشەکانت چارەسەر دەبن، راستە یارمەتیدانی کەسانی دیکە گرنگە، بەڵام نابێ خۆت فەرامۆش بکەیت. لەگەڵ کەسێکدا زۆربەی کاتەکانتان بە یەکەوەن و جوان لە یەکتر تێدەگەن، لە دەستی مەدە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

بڕوات بە هەموو کەسێك نەبێ کە نیازی وایە یارمەتیت بدات، تەنیا ئەوەت لەبەر چاو بێت کاتێك یەکێك بە کردار لەگەڵتە بایەخی پێبدە. بیرۆکەکانت لەلای کەسانی بێ متمانە باس مەکە، چونکە لە داهاتوودا ڕەنگە بە خراپەی وەربگرن، هەوڵێکی باشت داوە بۆ داهاتووت و باری دارییت باشتر دەبێت.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئارەزووی کەسێك دەکەیت، کەچی ئەو خەریکی کاروباری خۆیەتی، پێویست ناکات ئەوەندە لێی نزیك بیتەوە، پێویستە بۆ ماوەیەك فەرامۆشی بکەیت. ئەگەر لێت نزیك بوویەوە، مانای ئەوەیە کەسێکی شیاوە بۆت، ئەگەریش وانەبوو هەوڵبدە تێی بگەیەنیت کە چەندە پێویستت بەو کەسە هەیە.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

دەروونـت ئـارام بکـەوە و پێویست نـاکات ئـەوەنـدە دەمارگیر بیت. راستە کێشەکانت زۆرن، بەڵام وردە وردە چارەیان بکە و پەلە مەکە. هەرگیز دڵت لە کەسانی نزیکت زویر نەبێ و هـەوڵ بدە یارمەتی زیاتریان بدەیت. ئەو کارانەی بۆ ئەو کەسەی دەکەیت، جێگەی دڵخۆشی ئەوە و بۆت قەرەبوو دەکاتەوە.



### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هـەفـتـەی رابـــردووت سـاتێـکـی نـاخـۆش بـوو بـۆت، هۆکارەکەشی بڕیاری هەڵەی خۆت بووە. ئەوجارەیان کە کارێك دەکەیت سەرەتا بیری لێ بکەرەوە و پاشان بڕیاری لەسەر بدە. لەگەڵ کەسێکی نزیکت هاوسۆزن و دڵتان لەلای یەکە، فەرامۆشی مەکە و بەردەوام هاوکاری بکە و پێکەوە هەماهەنگی بکەن.



### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ماوەیەکە لەگەڵ کەسێکدا کێشەتان هەیە، بەڵام پێوەندیتان بەرەو باشترە، هەنگاوەکانیشت بەرەو سەرکەوتن و ئەنجامێکی باش دەچن. هەوڵ بدە رابردوو لە بیر بکە و بەرەو داهاتوو هەنگاو بنێ، ئەنجامی کارەکانت لە دەست خۆتە، ئەگەر دەتەوێ بەرەو باشی ڕێگە بگرێت، پێویستت بە ماندووبوونی زیاترە.

# مانای خەون

**- دار و بار**


لـە خـەودا زۆربـەی جار دار و باری سـەیر و گەورە دەبینیت، یان هەنـدێ جار لـە نێو دارسـتان و باخی گەورەی پـڕ لە دار و باری. با بزانین دار و بار چ مانایەکی هەیە کاتێك خەوی پێوە دەبینیت؟ ئەگـەر لـە خـەودا لە نێو کۆمەڵە دار و بارێکی گەورە بیت، مانای تووشی کێشە و گرفت دەبیتەوە، ئەگەر دار و بارت لە شەودا بینی، مانای هاتنی کارێکی قورسە لە داهاتوودا، ئەگەر کەسێك لە خەودا بارە دارێکی پێت بەخشی، مانای ئەوەیە ناکۆکی لە نێوانتان هەیە، بینینی داری گەورە، مانای ماندووبوون و شەکەتی دەبەخشێ، ئەگەر لە خەودا خەریکی چاندنی دار و بار بوویت، مانای ئەوەیە کە تەمەنت درێژ دەبێت، ئەگەر بەسەر دار و باردا هەڵگەڕایت، یان خۆت لە سـەرەوەی دارێکدا دۆزییەوە، مانـای ئەوەیـە لـە کارەکەتـدا سـەرکەوتوو دەبیـت و سـامانێك بەڕێوەیـە، ئەگـەر گەیشـتیتە لوتکـەی دارەکە، مانای لەو گرفت و کێشەی ئێستات دەرباز دەبیت، ئەگەر لـە خـەودا خەریکی دار بڕینەوە بیت، مانای ئەوەیە ئەو کارەی لە داهاتوو دەیکەیت، یان ئەوەی ئێستا پێوەی خەریکی ئەنجامی باش نابێت.






## پەند و وتە

- ڤۆڵتێر فەیسلەسووفی ناودار لە بارەی ناکۆکی و تێنەگەیشتن دەڵێ: ئەگەر دوو کـەس، یـان دوو لایەن بەردەوام ناکۆك بوون و لـە یەکتـر تێنەگەیشـتن، مانـای ئـەوە نییـە کـە یەکێکیان هەڵەیـە و لەوەی دیکە ناگات، بەڵکو مانای ئەوەیە هەردوو کەس هەڵـەن، یـان ڕێگەی هەڵەیـان هەڵبژاردووە بۆ تێگەیشتن لە یەکتر.




- جارێکیان بە یەکێک دەڵێن: ئەگەر هەموو دنیا هی تۆ بێت چی دەکەی؟ ئەویش دەڵێ: نیوەی دەفرۆشم و دەرۆمە خارج!

# دوو هاوشێوە بە ڕێکەوت بەیەکگەیشتن



وەکو دەگوترێ لە شێوەی هەر مرۆڤێك، (٤٠) کەسی دیکە هەن لە هەمان ڕووخسار و شێوە بن، کەچی ئەو بۆچوونە تا ئێستا نەسەلمێنراون، بەڵام جار جار دیاردەی لێکچوون و هاوشێوەی سەیر دەردەکەون، وەك ئەو دوو ئافرەتە یەکێك لە وڵاتی سویدە، ئەوەی دیکەش لە وڵاتی ئیرلەندایە. (سارە نۆردستروٚم) دوای ئەوەی بە ڕێکەوت لە سویدەوە گەشتێك بۆ ئیرلەندا دەکات، لەوێ لە شوێنێك چاوی بە خۆی و هاوشێوەکەی (شانۆن لۆنرجان) دەکەوێت، تەنانەت وادەزانێ شێوەی خۆیەتی و خەون دەبینێت، پاشان یەکتر دەناسن و دەبن بە هاوڕێی یەکتر، چەندین جار کە بە یەکەوە دەبن، ئەندامانی خێزانی ئەو دوو ئافرەتە ناتوانن لە یەکیان جیا بکەنەوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە باڵای کچە سویدییەکە درێژترە لە بەژن و باڵای هاوشێوە ئیرلەندییەکە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

کارێکی سەختت لە پێشە و بڕیارێکی گرنگ بۆ ژیانی تایبەتیت بدە، مەهێڵە ئاراستەی ژیانت بەرەو خراپی بچێت، کە زۆربەی جار ژیانت بەهۆی کارێکەوە دەخەیتە مەترسی. پێویست ناکات ئەوەندە نیگەرانی داهاتوو بیت، چاوەڕێی کاتەکان بکە و بە جوانی هەنگاو بنێ.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ڕۆژانی داهاتووت بەرەو گۆڕانکارییەکی تەواو لە ژیانت دەچێ، نیگەران مەبە و چونکە داهاتوویەکی باش چاوەڕێت دەکات، هەوڵمەدە کارێك بکەیت و پاشان پەشیمانت بکاتەوە، بڕیارەکانت لە جێگەی خۆیەتی و هەست بەو کەسە خۆشەویستەت بکە تا لە دڵت زیاتر نزیك بێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

کاتێکی زۆرت لە پێشە تا چارەی ئەو گرفتانە بکەیت کە ماوەیەکە بەرۆکتی گرتووە. وا لەو کەسە مەکە هەست بکات دەتەوێ لێی دوور بکەویتەوە، چونکە ماوەیەکە وا هەست دەکات، ئەو کەسەش گرنگە لەلات و شیاوی ئەوەیە لەگەڵیدا بیت، بڕوات بە کارەکانت هەبێ کە داهاتوویان دەبێت.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

وابڕوات زۆربەی کەسانی نزیکت لە دەست دەدەیت، بەهۆی ئەوەی ماوەیەکە هەموو کارێکت بۆ خۆت دەوێت و ڕێگە بە کەسانی دیکە نادەیت کە لێت نزیك ببنەوە. بەتایبەت لەگەڵ ئەو کەسە خۆشەویستەدا مەهێڵە ناکۆکیتان بگاتە لووتکە، ڕۆژانی داهاتووت ماندووبوونی دەوێت و چاوکراوەبە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ژیرانە لە هەنگاوەکانی خۆشەویستەکەت بڕوانە و بیرۆکەی خراپ لە خۆت دوور بکەوە. ئەوەی لە دڵتە با لە ڕووخساریشتەوە دیار بێت، کارێك مەکە ببێتە هۆی بێزاری هەمووان، کەسێکی خۆشەویستی و ئەوانەی دەوروبەرت دەیانەوێ لێت نزیك بن، تۆش ڕێگەیان بدە و دڵت گەورە بێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

بڕوا بە شتێك مەکە تا خۆت دێتە ڕێگات، بەتایبەت ئەوانەی دەربارەی هەست و سۆزە، کەسێکی نزیکت نیازی نزیکبوونەوەی تۆی هەیە، تا لەگەڵ تۆ ڕێگەیەکی باشتر بگرێت، ئەو کارەی ئێستا پێوەی خەریکیت، پێویستی بە کاتی زیاترە و زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکە و هەست و سۆزت بپارێزە.

## تابلـــــــــــــــۆ

### - گوڵی ڕەشی ڕۆژهەڵات



وێنەیەکی نایابی خانمە وێنەکێشی ئەمریکی (جۆرجیا تاتۆ ئۆکافی)یە، لە ساڵی (١٨٨٧) لە شاری ویسکۆنسنی ئەمریکی لە دایك بووە، لە تەمەنی (٨) ساڵییەوە خەریکی وێنەکێشان بووە، پاشان لەگەڵ خێزانەکەی گەشت دەکەن بۆ شاری ڤیرجینیا، دوای وەرگرتنی بڕوانامەی دیبلۆم لە وێنەکێشان، دواتر لە پەیمانگای شیگاگۆ لە بواری هونەردا پەرە بە خوێندنەکەی دەدات، لە ساڵی (١٩٤٦) کۆچی دوایی کردووە. ئەو وێنەیەی لە ساڵی (١٩٢٨) کێشاوە، کە خولیای ئەو وێنەکێشە ئافرەتە، زیاتر گوڵ و گوڵزار بووە، لەم وێنەیەدا باس لە دوو گوڵ دەکات، کە ناویان (خشخاش)ی ڕەشە، جوانی ئە وێنەیە لەوەدایە کە هەر دەڵێی بە کامێرا گیراوە، کەچی تابلۆیەکە و بە پەنجەکانی ئەو وێنەکێشە ئەمریکییە کێشراوە.

## کاریکاتێر

- لەم کاریکاتێرەدا، باس لە ئاڵوودەبوونی مرۆڤ دەکات بە وێنەگرتن و خۆدەرخستن، لە جیاتی ئەوەی یارمەتی کەسێك بدات کە لە نێو ئاودا دەخنکێت، بەڵکو وێنەی دەگرێت.

